# خەسرەوسایە لەوەڵامی پرسیاری ( دەنگەکان )

**پ : پاش ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی وئابوریی و کۆمەڵایەتی یانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بەسەر مرۆڤایەتی هاتووە، ئاسۆیەکیتر، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە؟**

k.saya@ukonline.co.uk



**خەسرەو سایە :** سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ئەم فرسەتە.. بەرای من سەدەی پیشوو ، سەدەی مارکس بوو. سەدەی هەمەگیربوونی باوەر و لیکدانەوەکان و رەخنەیەك بوو کەئەو لەبەرامەبەر سەرمایەداریدا خستیە پیش پیی کۆمەلگاوە. خودی ئەوەی کەمارکس و باوەرەکانی بەهەر تەعبیریك و بۆ هەرمەبەسیتك لەلایەن بەشیکی گەورەی کۆمەلگاوە بەدەستەوە گیراو لەلایەن بەشەکەی تریشەوە بەهەموو تواناوە دژایەتی کرا، بەلگەیە بۆ ئەو راستیەی کە کەسایەتی مارکس جیگای میحوەری لەتەواوی کیشمە کیشە چینایەتی و سیاسیەکانی یەك سەدەدا گرتووە.

بەلام لەبارەی ئەوەی کە " ئاسۆیەکی تر ، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم"چۆن دەبینینەوە، بەووە پەیوەندی هەیە کە ئایا قەبولانە مارکیسزم راستی‌یەکەو بۆچوونیکی دروستی لەبارەی ئینسان و کۆمەلگاوە بەدەستەوەداوە، ئایا قەبوولانە رەخنەکانی مارکس لەکۆمەلگای سەرمایەداری تیروانینیکی قول و پرناوەرۆك وبەتەوای دروستن؟ ئەگەروایە مارکسیزم نە پیویستی بە پیشنیاری "ئاسۆیەکی تر"ەو نە "گەرانەوەیەکی تر" ی بۆدەخوازی، بەلکو خۆی ئاسۆیەو خۆی راستی‌یە بۆهەرکەسیك کەبیەویت لەروانگە و بەرژەوەندی‌یەکانی کۆمەلانی خەلکی کریکار و زەحمەتکیشەوە بروانی وئەرکیك بۆ گۆرینی دینای ئەمرۆ لەئەستۆبگری. پرسیاریکی ئاوا تەنها بۆئەو کەسانە مەترەحە کە پیشتر بەگومانن لەمارکیسیزم و باوەررەکانی ولەنیو دابەشبوونە چینایەتی و بەرژەوەندی‌یە دژ بەیەکەکانی نیو کۆمەلگادا، هیشتا لەوەنەبراوە کەخۆی لەچ سەنگەریکدا ببینیتەوە، وەیا هیشتا بریاری وای نی‌یە لەکەنار ئینسانیەت و خەلکی کریکارو بیبەشاندا راوەستی، بۆیە بەگومانەوە بەدوای پیشنیاری "ئاسوویەکی تر و گەراناوەیەکی تر"ەوەیە بۆ مارکسیزم.

بەبروای من چ دوورکەوتنەوە لەمارکسیزم و چ گەرانەوە بووی لەوەوە سەرچاوەناگری کە مارکس و تیوەرەی‌یەکانی هەلەن یان راست، بەلکو ئەمە رەوەندیکی سیاسی‌یە نەك تیۆری و فەلسەفی. تەنانەت مەسەلەکە ئەوەنی‌یە کە مارکسیزم لەنیوخۆیدا هەلگری بیری ناکۆك و جیاوازە تا ئینسان بگەریتەوە بۆ ئەوبەشانەی کەپویستی پییەتی، بەلکو مەسەلەکە لەئارادابوونی موفەسیر و لیکۆلەرەوەی جیاوازە. گەرانەوە بۆمارکسیزم، نیشان ئەدات کە پرۆسەیەکی سیاسی بۆ"تەسخیری" تیۆری لە پیناو"ئەمر و مەسەلەی کۆمەلایەتیدا" لەگۆردایە. سەدەی رابردوو نمونەی زۆرمان لەم راستی‌یە دەگەویتە پیشچاو. بۆرژوا ناسیونالیستیك کەلەپیشەوە لایەنگری بۆ چینەکەی خۆی بریارداوە، بۆئەوەی ریوایەتیکی هەقخوازانە بدات بە ناسیونالیزمەکەی هیندە دەگەریتەوە بۆمارکس کە باس لە" ئۆتۆنۆمی" و "مافی نەتەوە"و" مافی دیارکردنی چارەنوس" وشتی لە مجۆرەی پیتەبریربکات. لەمبارەوە هەمووان ئاگاداری ئەوەین کەگەرانەوەی ناسیونال چەپەکانی کوردستان بۆ مارکسیزم لەساغکردنەوەی ئەمری "کوردستانی بوون" دا تەنها دەقە تیوەرییەکانی مارکسیان لەبارەی مەسەلەی نەتەوایەتی‌یەوە بەهەند وەرگرت.

سەرمایەداریکی پیشەسازی خۆ ولاتیش لەگەرانەوەیدا بۆتیوەری‌یە ئابووری‌یەکانی مارکس هیندەی پیویستە کەبتوانی لەریگای "تیوەری بەها"وە، هاوسەنگی گەشەی بازار و نرخەکان بدۆزیتەوە وئابووری دەولەت لەمریگایەوە دامەزرینی وئەمەش بەسوسیالیزم بەخەلکی بفرۆشی.
بۆ بۆرژوا لیبرالیکیش گەرانەوە بۆ مارکس ئەتوانی "مانیفیست" لە بەیننامەی شۆرشەوە بگۆری بە بەیاننامەی مافەکانی مرڤ ی نەتەوەیەکگرتووەکان. بە مجۆرە ئەکری بلینن کە گەرانەوە بۆ مارکسیزم لەسەدەی رابردوودا و سەرهەلدانی مەیل و رەوەندی جیاوازی مارکسیزم لەوانە مارکسیزمی روسی، ماوی، ئەلبانی، یۆروکۆمۆنیزم، تروتسکیزم، چەپی نوی.. لەو رووە نی‌یە کە هەقیقەتی مارکسیزم و تیوەرەکانی لەخۆیدا فرە رەوند و فرە راستین، بەلکو ئەوە هەقیقەتی هەبوونی چینەکان و مەیل و بزوتنەوە جیاوازە کۆمەلایەتی‌یەکانە کە بۆ مەسەلەو ئەمرۆی خۆیان لەگەرانەوەدا بۆ مارکس، مارکسیزم "تەسخیر دەکەن. بە پیچەوانەشەوە بۆ ئیمە کۆمۆنیزمی کریکاری کەلەپیشدا لایەنگری خومان بۆ چینی کریکار راگەیاندووە پیویستمان بەگەرانەوە بۆ مارکسیزم نی‌یە، چونکە مارکسیزم خۆی تیوەری دەستی چینی کریکار وکۆمۆنیزمیکە کەلەخەباتی دژی سەرمایەداریدا بەهیزەوە راوەستاوە.

**پ : ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست ویەکدا بسەلمێنێ ؟**

**خەسرەو سایە :** بەلای منەوە، مارکس و مارکیسزم لەگەل راستی تیکەلاوە. راستییەك کە ریشەی لەکۆمەلگای سەرمایەداریدایە. مارکسیزم نەبزوتنەوە و نەکۆمەلە ئەحکامیکی رووتی تیوەرییە تا لەگەل چوونە پیشەوەی زەمەن کۆن ببی وباوی نەمینی و مەحکومبیت بە"تازەگەری"، تەنانەت مارکسیزم هەولیکی ئەکادیمی نییە لەبارەی ئابووری و فەلسەفەو شتی لەم جۆرە تا لەنیو پەرتوکەکاندا تەمەن و کۆنبوونی خۆی بپیویت، بەلکو مارکسیزم تیوری خەباتی چینایەتییەو لەم خەباتەشدا بەدەست هاتووە. بزوتنەوەی کۆمەلایەتی چینی کریکار لەدژی ستەمگەری و نابەرابەری و لە پیناو رزگاری ئینساندا زیندووبوونی تیوەری مارکسیزم رادەگری. بەبروای من مارکسیزم پیشەوەی کۆمەلە چەمکییکی تیوەری بیت، یەك رەخنەیە لەنیزامی سەرمایەداری، رەخنەی کریکارە لەسەرمایە، وتا ئەم پەیوەندەش بمینی مارکسیزم پیویستی کۆمەلایەتی خۆی رادەگری.

بەلام ئەم رەخنەیە و ئەم تیوەرە پیکهاتیکی راوەستا و نییە، بەلکو کردەیەکی کۆمەلایەتی زیندووە و لەهەر سەردەم و شوینیکدا بەکارهینانی لەبەرامبەر ئەو مەسەلەو گریی وگۆلانەی کەرووبەرووی کریکاران و خەباتەکەیان دەبیتەوە، دەکاتە ئەرکیکی حەتمی. بەمجۆرەش فراوانکردنەوەو گەشەدان بەتیوەرییەکانی مارکس لەهەرسەردەمیکدا یەك زەرورەتی چینایەتی کۆمەلایەتییە. بەلام لەبارەی ئەوەی مارکسیزم چۆن حزوری خۆی و گونجانی عەمەلەی خۆی لەچەرخی تازەدا بسەلمینی، سەرەتا دەبی لەسەر ئەو خالە پیدابگرم کەحزوری مارکسیزم حزوریکی هەمیشەییە و لەگەل وجودی کریکاران و نارەزایەتییەکەیان بەئاشکراو بەنیهنی و بەزمانی مانگرتن و خۆپیشاندان ویاخیبوونەکان و خەباتی رۆژانە دەدوی. ئەوەی ئەم حزورە لەئاستی بزوتنەوەی بەهیزی کۆمەلایەتی و کاریگەری سەردەمدا خۆی بنوینی بەووەگریدراوە کەتاچەند رابەرانی کۆمۆنیست و کریکاری و حیزبەکانیان لەم دەورەیەدا مارکسیزم و تیوەرەکەی بۆ گرتنی دەسەلاتی سیاسی بەکار دەبەن و لەیەکیك لەگۆشەکانی ئەم دنیایەدا گرەو لەبۆرژوازی دەبەنەوە و نمونەی کۆمەلگایەك نیشان دەدەن کەمارکسیزم لەبارەیەوە دوواوە.

**پ : ئەوەی لە سۆڤییەت و وولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات ڕوی دا ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بوو ، بەلام لە بەر هەر هۆیەك بووبێ لە باری مێژوویەوە تا ئەمرِۆش ، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆبالێکی گەورە ، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا ، بەڕای ئێوە ئەمەی ڕووی دا ، هەرەسی چی بوو ؟**

**خەسرەوسایە :** ئەوە راستە کەهەرەسی روسیاو ولاتانی بەناو سۆسیالیستی رۆژهەلات، بەزەرەری مارکس و مارکسیزم تەواوکرا بەتایبەتیش کاتیك ئەم رووداوانە وەك بابەتیك لەلایەن بۆرژوازی و راستی کۆمەلگاوە بۆپەلاماردان وهیرش برنەسەر مارکسیزم و کۆمۆنیزم بەدەستەوە گیرا. بەلام هەلەیە ئەگەر پیمان وابی رووخانی ئەم ولاتانانە، هەرەسی"رژیمە عەسکەرتارییەکان" بوویبیت. پیناسیکی ئاوا بۆ وولاتانی پیشووی بلۆکی "سۆسیالیستی رۆژهەلات" نەزانستییەو نەدەتوانی راستی رووداوەکان بخاتە روو. بەبروای من پیناسیکی ئاوا لەتیرمینۆلۆژی راستی رۆژئاواوە داکەوتووە ولە پشتییەوە سیناریۆیەکی سیاسی وەستاوە کەگەرەکییەتی هوشیارانە میژووی ئەم رووداوانە بباتە بەرابەرکیی "سیستەمە دیکتاتۆریەکان و سیستەمە دیموکراتی"یەکانەوە وتالەم ریگایەوە شەرعیەت بەدەولەت ودەسەلاتی بۆژوازی وسەرمایەداری رۆژ ئاواو سەرکەوتنەکانی بدەن. ئەگیانا کی هەیە بیسەلمینیت کە ولاتانیکی وەك بولغاریا و رۆمانیا وهەنگاریا وتەنانەت چیك و یۆگسلافیا، لەچاو ئەمریکا ودەولەتانی "ناتۆ"دا زۆرتر عەسکەرتارین؟!. بەراستی ئەم دەولەتانە هەرگیز بەقەد دەولەتیکی وەك ئیسرائیل کەئەویش وولاتایکی رۆژهەلاتییە عەسکەرتاریی تر بوون؟!.

بەبروای من ئەوەی هەرسی هینا بەهیچ پیوانەیەکی ئابووری، سیاسی و شیوەی بەریوەبردنی کۆمەلگا و تەنانەت بە پیوانەی ئایدیۆلۆژیەکەشی، هەرەسی ئەو نمونەیە لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم نەبوو کەمارکس ومارکسیزم لەسەرچاوەکانی خۆیدا پیناسەی کردووە و لەیەکەمین بەیاننامەی خویدا-مانیفیست- بەکۆمەلگای راگەیاندووە. بەلکو ئەوەی هەرەسی هینا مۆدیل ونمونەیەکی تر لەنەفسی سیستەمی سەرمایەداریبوو. بەواتایەکیتر هەرسیك کەبەسەر ولاتانی پیشووی روسیاو رۆژهەلاتدا هات هەرەسی مۆدیلی سەرمایەداری دەولەتی بوو کەبۆرژوازی رووسیا بەناوی سوسیالیزمەوە ناچار بوو لەسەر ویرانەی شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەر دەستی بۆبباو دایمەزرانینی وپاشان نمونەکانی بۆباقی ولاتانی

هاوبلۆکی خۆی بگویزیتەوە. مۆدیلك لەسەرمایەداری کەبەهەمان شیوەی سەرمایەداری ئازادی رۆژئاوایی لەسەربناغەی سیستەمی کاری بەکری وپیکهاتوەکانی تری وەك پول، کالا، قازانج، گۆرینەوە .. دامەزرابوو.

**لەرۆژگاری وەك ئەمرۆدا ئیوە چۆن دەروانن چەمکەکانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، کۆمۆنیزم؟**

**خەسرەوسایە :** سەرەتا ئەگەر مەبەست لەکۆمۆنیزم لەم پرسیارەدا فۆرماسیۆنیکی کۆمەلایەتی‌بیت کەمارکسیزم و شۆرشی کریکاری کردویەتی‌یە ئاماجی خۆی ئەوا مەبەست لی‌ی هینانەدی کۆمەلگایەکی ئازاد ویەکسان وهەمەلایەنەی ئینسانی‌یە، سیستەمیکە کەبەشەریەت ئەسیری هیچ جۆرە قەیدو بەندیکی سیاسی و ئابووری فەرهەنگی ئایدیۆلۆژی، قانونی نی‌یەو ژیانی ئەو بە پی‌ی یاسای کویری ئابووری لەقالب ناداری، بەووتەی هاوری مەنسووری حیکمەت "گەرانەوەی ئیختیارە بەئینسان خۆی". کۆمەلگای کۆمۆنیستی کۆتایی دەولەت، ئایدیۆلۆژیا، و چینەکانە.. بەلام پەرینەوەی شۆرشی کریکاری لەوقۆناغەوە کە کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش دەسەلاتیان تیابەدەست هیناوە تاگەیشتن بەم ئاما نجە پیکهینانی دەولەتیکی راگوزەر دەخوازی کە ماهیەت و ئەرکەکانی لەبنەرەتەوە لەهەر دەولەت و حکومەتیکی تری بۆرژوازی جیاوازە. ئەم دەولەتە دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە، یانی حکومەتی کریکاری.

حکومەتیکی لەم جۆرەش حکومەتی –حیزبی حاکم- تاك حیزبی، لەجۆری حکومەتە تۆتالیتاریزمەکانی بلۆکی رۆژ هەلات نی‌یە. تەنانەت حکومەتیك نی‌ە کەدەسەلاتی لەسەر شیوەی پلورالیزم و حکومەتی پارلمانی رۆژئاوایی لەنیوان چەند حیزبیکدا دابەشکردبی، بەلکو دەسەلاتی کریکارن وخەلکی ریکخراوە ، حکومەتی شوراکانە کەئیرادەی جەماوەری زۆرینەی خەلك هەم قانوندانەرەو هەم جی‌بەجی کەرە. لەبارەی ئەم چەمکانەوە هەرکەس دەتوانی تیوەرەکانی مارکس بخوینیتەوە و مەبەستەکانی ئەو بسەلمینی وەیا رەخنەی لیبگری، بەلام پرسیاریکی لە مجۆرە کەلە پەلامارەکانی بۆرژوازی رۆژئاواوە بۆسەر کۆمۆنیزم و جەنگیکی تەبلیغاتی‌یەوە لەدژی مارکسزم داکەوتووە، گۆمانیکی سیاسی وتیوەری دینیتە کایەوە، تا سەرنجدانی زانستی لەسەر ئەم چەمکانە. لەم گۆمانکردنەشدا مەبەست ئەوەیە کەدیموکراسی بۆرژوازی لەبەرچاوی خەلك جوانتر بکەن وکۆمۆنیزمیش بکەنە خەیال تادەسەلاتی بۆرژوازی وسەرمایەدای بەئەزەلی وئەبەدی بهیلنەوەو دەرگالەرووی کریکاران وخەلکی ئازادیخوازدا بەتەسلیمەوە دا بخەن.

لەکاتیکدا ئەوە رۆشنە کەمادام کۆمەلگای سەرمایەداری بەسەر چینەکان و بەرژەوەندی‌یە دژبەیەکەکانی ئەواندا دابەشبووە هیچ دەولەتیکی "بیلایەن" وجودی نی‌یەو ناتوانی بەدەسەلاتی "بەرژەوەندی گشتی"یەوە خۆی رابگری. هەردەولەتیك ئامرازیکی چینایەتی‌یەوە ولەریگای قەهرو تواناى قانونی‌یەوە بۆسەرکوتی بەشیکی تری کۆمەلگا زەرورەتی هەیە، بەم مانەیەش دیکتاتۆری بەشیکی کۆمەلگایە لەبەرامبەر بەشەکەی تر سائیتر سیستەمی دیکاتووری بیپەردەبیت یان دیموکراسی.. ئەوە راستی‌یەکی مارکسیزمە کەدەبینین چۆن رۆژانە دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی لەلایەن کەمایەتی‌یەکی کۆمەلگاوە لەدیمکراسیترین و لیبرالترین دەولەتانی بۆرژوازی‌دا حوکمی چەك و سوپاو قانون و ئایدیۆلۆژیاو زیندان و کلیسای لەبەرامبەر بەشی زۆرینەی کۆمەلگادا بە پی‌ی بەرژەوەندی سەرمایەداران راگرتووە. ئایا حالەتیکی ئاواش ئەتوانی هەق لەچینی کریکاران و زۆرینەی خەلك بسەنیتەوە کاتیك بەدەسەلاتدەگەن دیکتاتۆری زۆرینەی کۆمەل بەسەر کەمایەتی کۆمەلگادا داسە پینن، تا ئازادی ویەکسانی و خۆشگوزەرانی لەبەرامبەر پیلانەگانی بۆرژوازی بۆگیرانەوەی سەرمایەداری داسە پینن؟ ئایا بەشەریەت لەمەدا هیچ زیانیك دەکات؟ ئەوانەی لەچەمکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەگومانن باچن دەستکەوتەکانی ئازادی لەتەجروبەکانی کۆمۆنەی پاریس و شورشی ئۆکتۆبەردابببینن.

لەبارەی کۆمنیزمیشەوە بۆدەبی کۆمەلگایەکی ئازاد وبەرابەر وخۆشگوزەران خەیال بی! ئایا بەشەریەت تەنها شایستەی نیزامە لیبرالەکان و دیموکراسی‌یەکانی وەك بۆش وبلەیەرە، کەرۆژانە ملیۆنەها ئینسان لەگەل جەنگ و برسیتی وبیکاری بەلیشاوو نەخۆشی کوشندەدا دەژینی؟ ئایا بەشەریەت ناتوانی بەسەر موقەدەراتی کویری سروشت وکۆمەلگادا زالبی و کۆمەلگایەك دامەزرینی کەهەمووان "بە پی‌ی پیویست و بە پی‌ی توانا" تیا ژیان بکەن و دەستیان بەناز ونیعمەت رابگات؟ ئایا ناکری مالکیەتی تایبەتی تاقمیك نەمینی و هەمووان خاوەنی هەموو شتیك بن وپیکەوە لەبەرامبەریدا بەرپرسیاربن؟ ئایا ناکری لەسەردەمی کۆمپیوتەرات و سیستەمی ئینفۆرماتیکی ئیستادا کۆمەلگایەك بۆ بەراوردکردنی پیوستی‌یەکانی مرۆڤ لەمپەری جیهانەوە بۆئەو پەری، دامەرزی؟ ئایا ناکری کۆمەلگایەك دامەزری هیچکەس کریکار وبیکار نەبی وهیکەس سەرمایەدار نەبی و"کۆمەلگای کارکردوان وئارەزووە ئینسانی‌یەکان" دامەزری ..؟ ئەوانەی وەلامیان "نا" یە بەم پرسیارانە نیهنی چەوسانەوەی ئینسان لەسەرمایەداریدا دادەپۆشن و ئەبەدیەتی سەرمایەو سەرمایەداری تەبریردەکەن، کاریکی واش کردەیەکی سیاسی‌یە نەك زانستی.

**خەسرەو سایە :**"چەپی کوردی" لەرابردوودا ولەماوەی چەند دەیەی پیشوودا بەتەواو لەژیرکاریگەریەکانی مارکسیزمیك دا بووە کەسەرچاوەکەی دەچیتەوە سەر رەوەندە جیهانی‌یەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوازی ولەهەر قۆناغیکیشدا بۆمەسەلەو "ئەمری" جیاواز وبەتایبەتمەندی خۆیەوە هاتۆتە سەرشانۆی سیاسەتەوە. لیرەدا ئەگەر لەئەفراد ومەحافیلی خۆبەمارکسی‌زان بگەریین و سەرنجی خۆمان ببەینەسەر چەپیك کەکاریگەری بەسەر کۆمەلگاوە بووە وهەیە، ئەوا دەکری قۆناغەکان وتایبەتمەندی‌یەکانی بەکورتی بەم شیوەیە بخەینەروو:

رەوەندی یەکەمی چەپ لەکوردستان کەهاوکاتە لەگەل سەرهەلدانی حیزبی شیوعی عیراقی، بەتەواو لەژیر کاریگەری کۆمۆنیزمی روسی و ریوایەتیك لەمارکسیزم دایە، کەبۆتە پەرچەمی بزوتنەوەی ناسیونال ریفۆرمیزمیزمی بۆرژوازی، لەمەسەلەو ئەمری "دژی ئیستعماری و بۆئاوەدانکردنەوەی نیشتمان" کەلەئاخردا بتوانی دەولەتیك لەمۆدیلی سەرمایەداری رووسی وەك تەواکەریك لەسیاسەتی دەروەی رووسیا لەعیراقدا دامەزرینی. "کوردەکان وچەپی کوردی" کەلەبنەرەتەوە مەسەلەیان ناسیونالیزم و نەتەوەی کوردبووە وبۆئامانجەکانی ئەم بزوتنەوە خۆیان هاویشتە ژیرکاری‌گەری‌یەکانی ئەم رەوەندە جیهانی‌یەی کۆمۆنیزمی روسی‌یەوە، بەلام هەرزوو لەگەل ناکۆکی بەرژەوەندی نەتەوەیی لەچوارچیوەی "عیراقی بوون" یان "کوردستانی بوون" بەرەو رووبونەوە ونەیان توانی تەبایی‌یەکی ماوەدریژ لەدەرونی ئەم رەوتەدا پیك بهینن. بەتایبەتی بەدوای دابەشبوونەکانی کۆمۆنیزمی روسی و سەرهەلدانی چین ریبازی ماوی وەك قوتبیکی تر لەکۆمنیزم و مارکسیزمی جیهانی، ئەوان لەحیزبی شیزعی عیراقی بران و رەوەندیکی تریان پیکهینا.

ناوەراستی سالانی شەستەکان تاسەرەتای 80کان رەوتی دووەمی "چەپی کوردی" سەردەردینی کەراستەوخۆ لەدەروونی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردایە، ئایدیۆلۆژی"مارکسیزم_لینینیزم_گۆشەکراو بەبیر باوەری ماوتسیتۆنگ"، بۆرزگاری نەتەوە بەدەستەوە دەگری. جەلال تالەبانی ونەشیروان موستەفا، تا شیخ شەهاب وشاسوارجەلال وپیکهاتنی کۆمەلەی رەنجدەران وتوانەوەی لەیەکیتی نیشتمانی کوردستان وئینجا مەلابەختیار و"ئالای شورش"ەکەی هەموویان پیکهاتەکان وکەسایتی‌یەکانی رەوتی "چەپیکی کوردی" نیشان دەدەن کەلەجەوهەردا کورد و کوردستان مەبەستەو بۆ"ئەمری ناسیونالیزم و نەتەوەی کورد"ئاراستەیە. مارکسیزم و کۆمۆنیزمی چینی و مارکسیزمی ماوی کە لە ناوەرۆکدا ناسیونالیزمیکی تەمام عەیاری هەلگرتووە، بەپیی تایبەت مەندی‌یە سیاسی و تیوەری‌یەکانی"شورش لەشاخەوە بۆ رزگاری شار" ئەو مەلزومات و توانا ئایدیۆلۆژی‌یەی هەبوو کە بتوانی بۆشایی‌یەك پربکاتەوە کەناسیونالیزمی کورد بەمەبەستی سازدانەوەی بزوتنەوەیەکی چەکداری وهینانە مەیدانی "جەنگی نەتەوەیی" لەگەلی بەرەو رووبو.

بەواتایەکی‌تر ناسیونالیزمی کورد لەدەورەیەکدا بۆ مارکسیزمی چینی دەگەریتەوە کەلەلایەکەوە ولەبنەرەتەوە دەرگیری داماوی‌یەکی تیوەریکی و ئایدیۆلۆژی‌یە، ولەلایەکی تریشەوە "ئاشبەتال" یك لەلایەن بارزانی وپارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەسەر بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردا سەپیندراوە. لەحالیکی ئاواشدا مەسەلەی سازدانەوەی جەولەیەکی‌تری بزوتنەوەی چەکداری، یانی ئەو شتەی کە تالەبانی "ناوی شۆرشی نۆی گەلی کورد"ی لینا، ئەوەی دەخواست کەریبازیکی سیاسی ئایدیۆلۆژی بەقەرز وەربگری تاهەم بۆ هەلخراندنی لاوانی کوردستان لەشەری نەتەوەدا لەدژی رژیم و هەم بۆ خۆجیاکردنەوەی لەپارتی دیموکراتی کوردستاندا مودیلی حیزب و بزوتنەوەیەکی تر کەلە روا لەتدا جیاوازی هەیە پی دا بمەزرینی.

کۆمۆنیزم و مارکسیزمی ماوی چینی کەئەو سالانە مەد بوو هاوکات تیوەرەکانی لەگەل بزوتنەوەی ناسیونالیستی ولاتانی شەرق لەوانەش کوردستان، کەکەوتبوونە "جەنگ لەدژی داگیرکەران"ەوە دەهاتەوە و بەم هۆیەشەوە توانیبووی دەزگایەکی ئایدیۆلۆژی و ریبازیکی سیاسی بەسادەیی بخاتەبەردەم ئەم بزوتنەوانەوە، ناسیونالیزم، یانی"چەپی کورد" لەمدەورەیەدا ئەم ئینتخابەی کردوو بەبەرگی سوورەوە خۆی هەلخست.

بەلام سەرەتای سالانی 80کان بەتایبەتی بەدوای رووچوونی کۆمەلگای کوردستان بەرەوە سەرمایەداری ودەرکەوتنی چینیکریکار وکۆمەلگای شاری و هاوکات بەرپابوونی شۆرشی بەهمەنی سالی 1979ی ئیران و دەرکەوتنی رەوتی مارکسیزمی شۆرشگیر و دواتریش کۆمۆنیزمی کریکاری وباوەرەکانی مەنسوور حیکمەت، چەپ لەکوردستان پیدەنیتە دەورەیەکیترەو کەبەتەوای لەرابردووی ناسیونالیزمی کورد ومەسەلەکانی، دابرواوە وبەسیماو خاسیەتیکی چینایەتی وسیاسی لەبنەرەوە جیاواز وبۆ مەسەلەو ئەمری کریکاران و رزگاری کۆمەلگا لەنیزامی سەرمایەداری خۆی بەیاندەکات. ئەم چەپە لەدەورەی راپەرینی 91 وبزوتنەوەی شوورایدا وروودوادوەکانی دواتردا لەبوعدیکی فراواندا کۆمەلگای کوردستانی خستە ژیر کاریگەرییەکانی خۆیەوە وسەرەنجامیش بە پیکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دابەشبوونیکی کۆمەلایەتی وچینایەتی بەدەورەی ئەحزابی سیاسیدا لەکوردستان پیکهیناو میژوویەکیتری چەپی خستە ری.

لیرەدا ئەگەر بەکورتی تایبە تمەندییە تیوەری وئایدیۆلۆژییەکانی ئەم چەپە سەرخال بەندی بکەم، ئەوەیەکە بەتوندی دژی ناسیونالیزمی و قەوم گەراییەوە بەشەرمەزاری بۆبەشەریەت دەیناسینی، ئیسلام و ئیسلام گەرایی نەك بەتەنها تلیایك بۆ خەلك بەلکو بەگانگستریزمی دەبینی، راوەستان لەسەر هەویەتی ئینسانی ومافو ئازادییەکان، لە پیشیانەوە مافەکانی ژنان و منالان کریکاران ولاوان، پشتبەستن بەخەلك وهەولدان بۆهینانەکایەوەی دەسەلاتداریتی جەماوەری، دیفاع لەمۆدیرنیزم وسکولاریزم ودژایەتی کردنی بیمساوەمە لەگەل رژیمی بۆرژوازی بەعس و خستنەرووی ریگاچارە بۆ ستەمی نەتەوایەتی ومەسەلەی کورد...

بەلام بەدوای ئەم سەرنجە کورتانە دەوری ئیستای مارکسیزم لەسەر چەپ لەکوردستان چۆن دەبینین؟

لەئیستادا رەووتی یەکەمی "چەپی کوردی" کەپاشماوەکانی خۆیلە"حیزبی شیوعی کوردستان" و"پارتی کاردا" هەلگرتووە، ئەگەر لەناوەکەیان بگەرین نەك هەر مارکسیزم و بەهاکانی لەسەریان کاریگەری نەماوە، بەلکو هەلەیە ئەوان بخەینە ریزی"چەپەوە". بەتایبەتی ئەگەر چەپ بەمەفهومی رادیکالیزمیکی کۆمەلایەتی لەبەرامبەر راستی کۆمەلگادا وەربگرین. ئەمانە ریگای ناسیونالیزمی کورد و راستی کۆمەلگایان هەلبژاردووە و هیچ نیشانەیەکی جیاوازی ئەوتویان چ لەبەرنامەو سیاسەت و هەلویستگیری لەرووداوەکان لەنیوان خۆیان و ئەحزابی ناسیونالیستی کورددا نەهیشتۆتەتەوە وتەنانەت هەمان دروشمی ئەوانیان لەبەرامبەر کیشەی کورددا کردۆتە ئامانجی خۆیان. بۆیە هەلەیە دەوری مارکسیزم لەسەر ئەم رەوتە وەك"چەپیك" ببینین.

رەوتی دووەمیش بەتەواوی "لەچەپ بوون ومارکسیزم بوون" نەك هەر دەستی کیشاوەتەوە، بەلکو دژایەتی کردنی چەپ و مارکسیزم وهیزەکانی لەکوردستاندا بەئاشکرا کردۆتە ئەرکی خۆی. تالەبانی ونەوشیروان و تەنانەت مەلا بەختیاریك کەخەریکە "خەیالی بوونی کۆمۆنیزم" و بەسەرچوونی باوەرەکانی مارکسیزم بەکاویژکردنەوەی "مەدەنیەت خوازی ودیموکراتی خوازییەوە" سەرکۆنەدەکات، دەتوانی چ هەویەتیکی سیاسی و بەرنامەیی لەگەل حیزبەکەی بارزانی بخاتەروو!! رەوتیکی ئاوا لەماوەی 14 سال دەسەلاتداریتی بەکردەوە تەجروبەیەکی نیشانی دا کەهیچ کالفامیك ناتوانی نزیکایەتی ئەم رەوتەلەگەل هیچ پیوانەیەکی"چەپ بوون"دا ببینیتەوە.

لەبارەی رەوتی سیهەمی چەپی کوردستانەوە، یانی کۆمۆنیزمی کریکاری کەزۆرترین هیزەکانی خۆی لەحیزبی کۆمۆنیزمی کریکاری عیراقدا ریکخراوکردووە. بەتوندی لەسەر باوەرەکانی مارکسیزم راوەستاوەو کۆمۆنیزمی مارکسی وەك چرای رزگاری خەلکی بەشمەینەتان لەستەم ونابەرابەری بەدەستەوە گرتووە، ئەم رەوتە مارکسیزم بۆی شارەگی خۆین تیزانی ژیان و مانەویەتی هاوکاتیش ئایندەی چەپی کوردستان و مارکسیزم وموفقەدەراتەکانی بەمانەوە و خەباتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە گریی خواردووە. ئەوەی داهاتووی ئەم حیزبە ومارکسیزمەکەی بەکوی دەگات پرسیاریکی کۆمەلایەتی و چینایەتییە ولەرەوتی خەباتیکدا مەعلومدەبی کەبۆگرتنی دەسەلاتی سیاسی وهینانەکایەوەی کۆمەلگای سوسیالیستی ناویەتە پیش پیی خۆی.